ترەمپ: کاردەکەین بۆ گەیاندنی هاوکاری و خۆراک بە منداڵانی غەززە



ئەمە دووشەمە، سەرۆکی ئەمریکا دەناسد ترەمپ، دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی هەموو بڕبڕستەکانی غەززە لادەبات و کاردەکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری و خۆراک بە منداڵان.

ترەمپ لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کیر ستارمەر، ڕایگەیاند: "خەڵکی غەززە لە دووریەوە خواردن دەبینن و ناتوانن پێی بگات"، ئاماژەی بۆشکرد، کاردەکات بۆ دامەزراندنی ناوەندی خۆراک لە کەرتی غەززە، ئەمەش پارە دابین دەکەین، وە وڵاتانێک هەن کە لەگەڵمان دەبن.

ئاماژەی بۆشکرد، "هیوادارین خۆراک بگاتە ئەو کەسانەی کە لە کەرتی غەززە پەویستیان پێیەتی"، و ئاماژەی بۆشکرد "ناوەندەکانی دابەشکردنی خۆراک لە غەززە بەبێ سنووردارکردن بەووی دانیشتووانداکراوە دەبن".

دووپاتیشی کردەوە کە وادەی 10 بۆ 12 ڕۆژ دیاری دەکات بۆ ئەوەی ڕووسیا کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت و ئاگربەست بەدەست بهێنێت.

لای خۆیەوە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا جەختی لەوە کردەوە کە "وێنەی منداڵانی برسی لە کەرتی غەززە ترسناکن".

ئاماژەی بۆوشکرد، پێویستە واتانی دیکە کێبکێنەوە بە گێشتن بە ئاگربەست لە غەزە.